

شێخ مەحموود حەفید

# نـــامـــــەی شێـخ مـــــــەحموود حـــەفید

# بۆ

# ئــاغایانی شەریف و ڕەشید مستەفا سوڵتانی

## نووسینی: ڕەشاد مستەفا سوڵتانی

## ئـــامـــــادەکردنی: فاڕووق فەرهاد سوئید: ٢٠٢١



ڕەشید مستەفا سوڵتانی



شەریف مستەفا سوڵتانی

نامەی جەنابی شێخ مەحموود حەفید

آقای شریف بگ و رشید بگ آلمانە، تقدیم است

برادری محترم آقای شریف بگ تقدیم:


بعد از تقدیم احترام

خواهشمندم که امشب یا فردا صبح، خیلی مستعجل تشریف با "نژمار" بیاین و هیچ معذرت قبول نیست. رجا دارم که آدمی دیگر برای مادیان شێخ عثمان بفرستادی و خبر بدهی.

با آغای حسن خان رزاو برای ملاقات فردا، به "نژمار" بیایت.

تکرار خواهش دارم امشب آدمی خود را بفرستی با رزاو.

شیخ محمود حەفید



برادر محترم آقای شریف بیگی

تقدیم

بعد از تقدیم احترام


خواهشمندم که امشب یا فردا

صبح خیلی مستعجل تشریف بیاورید

بیا منزل ؟ جمع نقدی قبل بیت

رجا دارم که آدمی دیگر برای بیابان

جمع عثمان الکر ستاده و خبر دهید



دەستخەت و ئیمزای شێخ مەحموود حەفید

ڕوون کردنەوە:

١ـ ڕێکەوتی نووسینی ئەم نامەیە، بە تێپەر بوونی زەمان پاک بۆتەوە، یا لەبیر چووە و نەکراوە.

٢ـ پاش مەرگی حاج فەرەج اللە بەگ( بەرپرسی بنەماڵەی مستەفا سوڵتانی) لە زیندانی داموغان و مەرگی حەمە عەلی بەگ کوڕی گەورەی فەرج اللە بەگ، بەر پرسیارەتی بنەماڵەی"مستەفا سوڵتانی" لە " ئالمانە " لە ئەستۆی "حەمە شەریف" بەگ بووە.

٣ـ دوای نەمانی فەرەج اللە بەگ و عەلی بەگ، نامەکانی جەنابی شێخ مەحموود خیتاب بە "حەمە شەریف بەگی " ئاڵمانە و " حەمە ڕەشید بەگی" ئاڵمانە بووە.

٤ـ بە ئاشکرا دیارە کە شێوە نووسینی زمانی فارسی ئەم نامەیە لە بواری ڕێزمانی و داڕشتەوە لە جێگای شیاوی خۆیدا نیە و لە هەمان کاتدا ڕەوان و پاراوە نیە. بۆ نموونە لە باتی وشەی" بیاید" نووسراوە " بیایت".

تەشکیلاتی سیاسی کابینەی شێخ مەحموودی نەمر و، یا کاتب و میرزای نامەکانی زۆرتر بە ئینگلیزی و، کوردی یا عەرەبی نووسیوانە. بۆیە ئاشنایان لە گەڵ شێوە نووسینی

فارسی لە ئاستێکی بەرزدا نەبووە و نامەکانی ڕەوان و پاراوە نین.


٥ـ بە کەسێک بەناوی شێخ عوسمان لە نامـەکـەدا ئـاماژە کراوە، کە موریدی شێخ بووە بەڵام نەتوانرا بناسرێت.

٦ـ جەنابی" حەسەن خان ڕزاو" مـاوەیەکی زۆر لـە زیندان بووە و پێگە و دەسەڵاتی بـەرزی سیاسی و کۆمـەڵایـەتی هەبووە. بەرپرسانی گوندەکانی" ڕەزاو" و " ئاڵمانە: خزمی زۆر نزیک یەکترن و لە یەک بنەماڵەن.

٧ـ جەنابی"شێخ مـەحموود" ساڵی ١٩١٠ لە مەریوان بووە. لە نێوان ساڵەکانی ١٣٠٩ ـ ١٣٠٤، (١٩٣١ـ ١٩٢٥میلادی) لە مـەریوان کاری ڕێکخراوەیی و کۆکردنـەوەی هێز و چالاکی سیاسی بووە. ساڵی ١٣٠٤ ـ ١٩٢٥ شێخ لـــە گوندی" چۆڕ" بووە، کـە باپیرم حاج فەرەج اللە بەگی ئـاڵمانە دیداری کردووە.

گۆندەکانی هـەورامـان و مەریوان کە ناویان هاتووە:

ـ قەڵای مـەریوان و دژی شاپوور لە گوزەری زماندا گۆڕدران و بوو بـە شاری مـەریوان و دەفەرێکی زۆر گـەورەش هەر ناوی مەریوانە.




شاری مەریوان

ـ گوندی چۆڕ: لە نزیک" ئاڵمانە"یە و ناوەندی سەیدەکانی "چۆڕ"ە، و کەسایەتی( ناسراوی) سەیدەکان بەتایبەت جەنابی" مەلا ئەبووبەکر چۆڕی" بووە، کە خاوەنی چەند کتێبی بەنرخی دینی و مەزهەبیە.

ـ گوندی نژمار: هەر لە نزیکی" ئاڵمانە" هەڵکەوتووە و موڵکی مەحموود خانی دزڵی بووە.

ـ بنەماڵەی"مستەفا سوڵتانی" لە گوندی ئالمانە نیشتەجێ بوون.



گوندی ئاڵمانە

ـ ئاوایی ڕەزاو: لە بناری کۆساڵان هەڵکەوتووە و ناوەندیکی گرینگی سانەکانی هەورامان بووە. جەنابی"حەسەن خان" لە ئاوایی ڕەزاو حوکمڕانی دەکرد.

سەبارەت بە نامەکەی جەنابی شێخ مەحموود حەفید

ئەم نامەیە تا ئەو جێگایە کە ئارشیوی مێشکم یارمەتیم دەدا و لە مامم و باوکم بیستووە، تەقریبەن حدوودی ساڵەکەی ناتوانم دیاری کەم.

کاتێک جەنابی "شێخ مەحموود" لە دەورانی دە ساڵە زیندانی ئینگلیزیەکان لە وڵاتی هندوستان ئازاد دەکرێ، بە کەشتی دەگەڕێتەوە بەسرە. بەرەو بەغدا و کەرکووک و سلێمانی ڕێدەکەوێت.

جەنابی شێخ هەر لە فکری ئیستقلال و حکوومەتی کوردی بووە. چونکە بەر لە زیندان خاوەنی حکوومەت بوو و سکە و پارەی چاپ کردبوو و هەیئەتی وەزیران و کابینە و ئەزموونی حکوومەتڕانی هەبوو.

جەنابی شێخ مەحموود ئەم نامەیە بۆ کاربەدەستانی هەورامان نووسیوە کە ناوەندکەی "ڕەزاو" و "ئاڵمانە" بووە، و خوازیاری کۆبوونەوە لە ئاوایی "نژمار" بووە تا گرفت و کێشەی کورد چارەسەر بکات.

جەنابی "حەسەن خان" کە دە ساڵ زیندان بووە، دەورانی زیندان و سەختیەکانی کاردانەوەی زۆر خراپی لەسەر باری جسمی دانابوو. جەنابی حەسەن خان هەر پێگەری بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناوچەکە هەبوو.

لەم کۆبوونەوە شێخ داوای یارمەتی نیزامی (تفەنگچی) و ماڵی و پارەی کردووە، کە لە لایەن بەشداربووەکان پێشوازی لێکراوە. فەرج الله بەگ و کوڕەکانی بەر لە زیندان لە ئاوایی چۆڕ بە خزمەتی شێخ مەحموود گەیشتوون و پاش مەرگی فەرج الله بەگ و عەلی بەگ کوڕی یەکەمی، نامەکانی شێخ مەحموود خیتاب بە حەمە شەریف بەگ و حەمە ڕەشید بەگ دەنووسرا و تەحویل دەدرا.

سەرکردەکان لە کۆبوونەوەی( نژمار) بەشداری دەکـــەن و بەڵێنی یارمەتی نیزامی و مـــادی دەدن.( هەم جـەنابی شێخ مەحموود و هەم جەنابی سەردار ڕەشیدی ڕەوانسەر بۆ دیداری دانیشتووانی " ئـــاڵمانە" تەشریفیان هێناوەتە ئاڵمانە و لەم گوندە ماونەوە ).

بـەڵام شێخ عوسمانێک کـە لـە نامەدا هاتووە، یەکەم پێدەچێت و ڕەنگە ئەو شێخ عوسمانە بێت کە خەڵکی عەبابیلێ یە و موریدی شێخ بووە.

ئاغەواتی دزلی چ جەنابی مـەحموود خان و چ جەنابی عـەبدوڵڵا خان لــە گــەڵ شارۆچکەی عــەبابیلێ ژن بــە ژن خوازیـــان بووە و خزمن. و کــەسی ناوبراو کــە مورید شێخ بوو، هاتووچووی دزلی و نـــاوچەی مـــەریوانی کردووە و پێ دەچێت لـــە ئـــاوایـــی چۆڕ مابێتەوە. شێخ ویستوویەتی وەسیلەی هـــات و چووی بۆ گـــەیشتن بە کۆبوونەوەی ئاوایی" نژمار" دەستەبەر و ئامادە کەن. وا دیارە و بێگومان جگە لــەو شێخ عوسمانە کەسێکی تر کـە لــەو ناوەندە نزیک بە شێخ مەحموود بووبێت لە ناوچەکە ناناسرێت.

دووهەم سەبـارەت بــەو شێخ عوسمانە کـــە لـە نامەکەدا هاتووە، ئاوا تەفسیریکی تر و تەرجومەیەکی تر هــەڵدەگرێ و دەکرێتەوە. کە هیچ چەشنە لێبووردنێک قەبوڵ نیە و تکا دەکـەم کەسێکی تر (کــە ئــەوەندە نزیک بــە شێخ مەحموود بوو بێت لـــە ناوچەکــە ناناسرێت). بۆ هێنانی ئــەو مایینە کــە هی شێخ عوسمان ناوێک کــە ناسراوی شێخ مەحموود بووە، بنێرن و ئاگادارمان کەنەوە.

لە کتێبی جەنابی" ئەحمەدی خواجەی ئەفەندی" کە بە زمانی کوردی نووسراوە و بەڕێز جەنابی" احمد محمدی" لە زمانی کوردیەوە بە فارسی وەرگێڕاوەتەوە. ناوی کتێبەکە:

" شیخ محمود برزنجی و مردم کرد علیه استعمار بریتانیا در کردستان".

گوڵچینی هەندی زانیاری مێژوویی لە کتێبی شێخ مەحموود بەرزنجی!

ماڵی شیخی چۆڕیان بۆ میوانداری و حەسانەوەی بنەماڵەکان ئامادە و تەرخان کردبوو. پاش دە ڕۆژ هەموو بەگەکانی هەورامان و مەریوان بە مەبەستی بەخێر هاتن و پێشوازی لە میوانەکان هاتبوونە گوندی چۆڕ.

پاشان کۆبوونەوە و جەلەسەیەک ڕێکخرا و" فەرەج الله بەگی" ( مستەفا سوڵتانی ) ئاڵمانە گوتی:

ـ ئێمە لە گەڵ عەرزی ڕێز و حورمەت، بە گیان و دڵ و سەروەت و سامانمان، گیانی خۆم و منداڵەکانم لە ژێر ڕێبەری و فەرمانی مەلیک مەحموود و بڕیار و دەستووری ئەوان بۆ، بەجێ گەیاندنی بیر و باوڕ و فیکرتان، لە بەستێنی فیداکاری و ڕژانی خوێنی خۆمان ئامادەین. بەڵێن و پەیمان دەدەین کە ئامادەی فیداکارین.

پاشان هەموو ئامادەبوان هەڵویست و قسەکانی فەرەج الله بەگی ئاڵمانە سەلماند و پەسەند کرد و، لە هەڵویستی فەرەج الله بەگی ئاڵمانەیان پێشتیوانیان کرد.

شێخ مەحموودی مەلیک لە وڵامدا گوتی: من لە وڵاتی خۆم میوانی ئێوەم. ئێران پەناگای ئێمەیە و دەبێ هەموومان بۆ سەربەرزی ئێران فیداکار بین و تێبکۆشین. چونکوو یەک کورد لە سەرانسەری جیهان لە زۆڵم و ستەمی زاڵمێک بناڵێنێت، ئەرکی هەر کەسێکی کوردە لەو ناڵە و پەژارەیە شەریک بێت و بۆ چارەسەری تێبکۆشێت. جگە لە ئازادی و سەربەخۆیی هەموو شتێکمان هەبوو و ئێمە لە ئاکامی نەبوونی ئازادی و سەربەخۆیی ئاوارە بووین. دیسانەوە سپاسی خوای گەورە دەکەین کە لە نێو براکانی خۆمانین.

.....

یازدەی خەرمانانی ١٩٢٥

بەگەکانی هەورامان و مەریوان ئامادەی هاوکاری و یارمەتێدانی شێخ مەحموود بوون و لێبڕاوانە هەڵویستی خۆیان دەربڕی. لەم بەستێنەدا ئەوان هێزی چەکداری عەشایەری و پێداویستی و تەداروکاتی خۆیان بۆ بەرخوردان و شەڕ ئامادە کرد. جگە لە جەنابی مەحموود خانی کانی سانانی مەریوان، کە شێخ مەحموود گرینگی و ئەهمیەتی نەدایە، بەڵام لەم بارودۆخەدا، مەحموود خانی کانی سانان چاوەڕوانی فەرمان و بڕیاری ئەو بوو.

قەرار وابوو ناوەندی ڕێبەری و مەقەڕی شێخ مەحموود لە گوندی چۆڕەوە بۆ پێنجوێنی عێراق بگۆازرێتەوە. شەو میوانی بەگ زادەکانی گوندی "بالک" بووین. دیسانەوە لە گەڵ هاوکارم

ماجید بەو ئــاکامە گەیشتین کە مـــەلیک مەحموود لە مەحموود خانی کانی سانان چاو پۆشی بکات.

مــاجید بــاسەکـــەی لـــە خزمـەتی شێخ عەرز کرد و وتی: قوربان جەنابتان دەفەرموون کــە هەموو ئــەرکـــەکان بە هاوفیکری سێ کەس بەڕێوە بچێت و پەشیمان نین. ئێستا ئێمە سێ کەسین، دوو کــەسمان دەنگ دەدا کــە: لـــە مــــەحموود خانی کــانی ســانــان چاوپۆشی کەن.

فەرموویان: من لە کەمێنەدام باشە منیش موافیقم.

دوو سوارمـــان بۆ کـــانی سانان نـــارد کـــە شەو شێخ مــەحموود میوانتانە. ئێوارە گـــەیشتینە گوندی نی، مـــاوەی نێو ســەعــات مــەحموود خــانی کانی سانان و فەرەج بــەگی کانی سانان برای و، خانەکان و خزمەکانیان چاوەڕوان بوون.

ئــەو کــاتەی شێخ مەحموودی مـــەلیک گــەیشت، مەحموود خانی کانی سانان بە هەستەوە بـــەرەو پیری شێخ هات، دەستی ڕاستی مـــاچ کرد و دوای ڕێز و ئیحترام و، هــاوکات لـــە گـــــەڵ بەخودا چوونـــەوە، بەڵێنی گیانبازی خۆی بـــە خوزووری شێخ مـــەحموود ڕاگەیاند.

شێخ مـــەحموود دەرحەق بە مـــەحموود خانی کانی سانان، لوتف و کەرامەت و گەورەیی نواند و ئێمە گەیشتینە ژووری میوانخانە. پاش حەسانەوە مەحموود خانی کانی سانان ئاوای گوت:

پێشەوا و سەرکردەی بەڕێزم:

ئێستا گیانی خۆم، بنەمـاڵە، منداڵەکانم و خزمەکانم هەمووی بە قوربانت بێت. لە ژێر فـەرمـــان و بڕیاری جەناب شێخ مەحموود ئـــامـــادەی فیداکارین. یەکـــەم جەنابت، دووهەم مەحموود خانی دزلی و سێهەم من ( هەر سێکمان مەحموود ) لە خۆشی و...

....

لاپەڕی ٢٠٧

ڕاپەڕینی گـەلی کورد بـــە ڕێبەری شێخ مـەحموود دژی بەریتانیا

١ـ لــەسەرجەمی هێزی پیادە بیست کەس کەم کەنەوە و، بە ناوی گورووهی تایبەت و بە ئـــەحمەد خواجە ئـــەفەندی تـــەسلیم بن. و ( باش چاوش ) بە ناوی فارس لە گەڵ ئەم گورووپە بێت.

٢ـ تۆ و بـــاقی ئـــەفسەرەکـــان هـــەمیشە لە گەڵ هێزی پیادە بن و پلانی ئەحمەد خواجە لای منە و ئـــەو وەک فـەرمـــاندەی دیاری کراوە و دانراوە. ئەمڕۆ ئەم دەستوور و بڕیارە جێ بــە جێ بکەن.

واژوو ـ مەحموود . م .

فەرماندەی سەرجەمی هێز

من نووسەری ( چیم دی ) لــەو کـــاتەدا ستوان دووهـــەم بووم بـــە خێرایی فەرمـانـدەی تیپی تایبەتم لە یونس ئەفەندی وەر گرت و، ئێوارەکـــەی گـەیشتینە گوندی بالک و، میوانی زەهیروالسەلتەنە، حەمەئەمین بەگ و ئـــەحمەد بەگی بالکی مـــەریوان و برازاکانی بووین. پاشان بەرەو گوندی چۆڕ ڕویشتین.

١ـ ئـــایشە خان لـــە گـــەڵ نزیکان، یاران، لایەنگران و خزمانی لە گوندی چۆڕ بوو.

٢ـ بەهیە خان لــە گەڵ لایەنگران، خزمــان و نزیکان و یارانی لە گوندی نەنە بوو.

٣ـ مــاڵی شێخی چۆڕی بۆ میوانداری و حــەسانەوەی بنەماڵەکان چۆڵ و تــەرخــان کرابوو. دوای دە ڕۆژ هـــەموو بـــەگ زادەکانی هەورامــان و مــــەریوان بۆ پێشوازی و بەخێر هاتنی میوانـــەکان هاتبوونە گوندی چۆڕ. پاشان جەلەسەیەک ڕێکخرا و فــەرەج اللە بەگی ( مستەفا سوڵتانی ) ئاڵمانە گوتی:

ئێمە لـــە گـــەڵ عەرزی ڕێز و حورمەت، بە گیان و دڵ و سەرەوت و سامـانمان، گیانی خۆم و منداڵەکانم لە ژێر ڕێبەری و فەرمانی مەلیک مەحموود و بڕیار و دەستووری ئەوان بۆ، بەجێ گەیاندنی بیر و باوڕ و فیکریان، لــە بــەستێنی فیداکـــاری و ڕژانی خوێنی خۆمــان ئـــامــــادەین. بـــەڵێن و پەیمان دەدەین کــــە ئامادەی فیداکارین. پاشان هەموو ئـــامـــادەبوان، هەڵویست و قسەکـــانی فەرەج اللە بـــەگی ئـــاڵمانەیان سەلماند و پەسەند کــرد و لـــە هەڵویستی فەرەج اللە بەگی ئاڵمانە پیشتوانیان کرد.

ڕوونکردنەوەیەک:

گوندەکانی: چۆڕ، نەنە، نژمار، کانی سانان و بــالک لــە دەفەری مەریوانن.

ئـــاڵمانە: گوندێکی هەورامـانەو لـــە سنوری مـەریوان و هەورامان هەڵکەوتووە.

گوندی نـــەنـــە: هاوسنوور و تـــەقریبەن لکاوە بـــە گوندی چۆڕەوە. خزمان و کەس و کاری شێخ لە نەنە دامەزرابوون.

سەرچاوەکان:

- شیخ محمود بـــرزنـجی و مـردم کـــرد علیه استعمار بـــریتانیا در کـــردستان، نوشته: احمد خواجه افندی ، تـــرجمه از: احمد محمدی

- ئـــارشیڤی بنەمـــاڵەی بـــەڕێزی، مستەفـــا سوڵتانی

- سپاس و هاوکاری بەڕێز کاک ڕەشاد مستەفا سوڵتانی

فارووق فەرهاد ٢٠٢١/٠٥/٣١